کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-10-2007 0:21 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فەتواکەی مەلا عومەر چنگیانی لەسەر کوردانی دەرەوەی ولات ... خالید هەرکی



لە بەرنامەیەکی رۆژانەیی مەلا عومەر چنگیانی دا کە رۆژانی رەمەزان بەر لە فتار کردنەوە لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس پەخش دەکرا رۆژی 2007/10/7 مەلا عومەرکۆنترۆلی لەدەست دەردەچێ فتوایەکی سەیر بهۆ کوردانی هەندەران دەردەکات، ئەمە کاتێک دێت کە لە درێژەی ئامۆژگاریەکانی و لە وەلامی پرسیارێکی هەلبەستراودا، کە گومان دەکەم پرسیارەکە هەرلەلایەن خۆیەوە دارێژرابێ دێت، گوایە ژنێک کە لە دەرووەی ولات زیندەگی بەسەر دەبات گلەیی لە مێردەکەی دەکا وبە پرسیارێک پەنای بۆ مەلای ناوبراو هێناوە، گوایە مێردەکەی پێی وتوە (من بڕوام بە تەلاق نیە، ئەوە تەلاقی تۆم فرێدا دە بچۆ کۆیان کەرەوە) .

بۆ وەلامی ئەم سیناریۆ پرسیارە مەلا عومەر زۆر بێ شەرم وحورمەتانە هێرشێکی نارەوا دەباتە سەر ئەو کوردانەی لە دەرەوەی ولات دەژین هەر لەبەر ئەوەی ژن ومێردەکە لە دەرەوە دەژین. مەلا عومەر لە هێرشە بێ سەروبەرەکەی خۆیدا کەنازانم چ زاتێک ئەم مافەی بە جەنابی مامۆستا تەزویر داوە دەلێ: خوشکم ئەمە حالی ئەو کوردانەیە کە لەدەرەوەی ولات دەژین زۆربەی هەرەزۆریان بەم بڕوایە وە دەژین و بێ تەلاقن بێ بڕوان بە خواو ئاینی پیرۆزی ئیسلام. مامۆستا ئامۆژگاریی ئەو خوشکە دەکات دەلێ خوشکم تۆ لای ئەم پیاوە مەمێنەوە، بچۆ شکاتی لێ بکە، بۆ هەر شوێنێک دەچی بچۆ، بەگژی دابچو، تۆ بێ تەلاقی لەم پیاوە حەرامی، دواتر روی دەمی دەکاتە کوردانی هەندەران دەفەرموێ چی دەکەن لەوێ دە وەرنەوە بەکەمی ئێمە رازی بن چیتان داوە لەئاوارەیی؟

بە مەلا دەلێم کە کوردانی ئەوروپا لە هەناوی کوردانی ناوەوەن هاتونەتە کا، هیچ کەلتورو نەریتێکی یان لە خۆیانەوەنەخولقاندوە ئەم حالەتە شازو تاکانەی لەم لاو لەولا دەیبیستن لە ناوەوەش نمونەی هەیە بەهەمان رێژە ئەگەر زیاتریش نەبێ بەلام بەشاراوەییێ. ئەوەی مەلا ئیدعای بۆ دەکا ئەو کەسانە چەند لە کوردستان نامۆن ئەوەندەش لە ئەوروپا لەناو هاو نەتەوەکانیان نامۆن، تەنانەت ئەوروپیەکان خۆشیان بەبێ گرێبەست لەگەل یەک زیندەگی ناکەن جا چ گرێبەستی مارەیی بێ یا گرێبەستی هاورێیەتی یا هەمزیندەگی کە وەکو ئەوەی سیغە و مسیاری ولاتە عەرەبەکان و موتعەی برا شیعەکانە، کە هەمو زاناو مامۆستائاینیەکانمان یا لە گەلیان کۆکن یا بێ دەنگن، کەواتە مەسەلەکە پەیوەست نیە بە بون لە دەرەوەی ولات یاناوەوە بەلکو بە کەسایەتیی تاکەوە بەستراوەتەوە جا ئەم کەسە لە کوردستان بێ یا لەهەندەران.

ئەمرۆ زانست و تەقەنی وئەلەکترۆنەکان دونیایان کردوە بە گوند ئەوەندەیان بچوک کردۆتەوەو لە هەرسوچێکی دونیابیت واتە لە هەمو شوێنێک نزیکی کەواتە هێرشە نارەواکەی مەلا ئەوپەری نارەوایی ونا دادپەروەریی تیا دەبینم.

دەبی مەلا عومەرئەوە بزانی کە ئەوانەی لەدەرەوە دەژین زۆربەی هەرە زۆریان بەقەدەر ریشی مامۆستا خزمەتو خەباتیان لە پێناو پارستنی شەرەف و ناموسی گەل و نیشتمانەکەیاندا کردوە، خوێنیان بۆ گەل ونیشتمان رشتوە لەسەر ئەم رێبازەش بەردەوامن، کەمیان هەیە کە نیوەی ژیانیان لە شاخ و بەشاراوەیی نەبردبێتە سەر ئێستاش لەدەرەوە هەرکاتێک ئازارێک بە جەستەی نیشتمان وگەلەکەیان بگات ئەوان بەوپەری لەخۆبوردییەوە بە گشت ئەندامانی مالەوەیان لەبەردەم بالوێزخانەکان وکۆنسولگەری ودەزگا بریار بەدەستەکان بۆ پرۆتێست وشەرمەزار کردنی کردە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوژمنکاریەکانی داگیرکەران بەوپەری فشارەوە ئامادەدەبن چاونەترسانە دوژمنت بۆ دەهەژێنن، رۆژانێکیش کە باری ئابوریی ولات لە کزیدابوو گەلی کوردستانیش لەوپەری دەست کورتی ونەهامەتی بو ئەوانەی جەنابت بەبێ تەلاق ناویان دەبەی پارویان لە دەمی مندالەکانیان دەردەهێناو بۆ کوردستانیان رەوانەدەکرد خۆ ئە گەر بۆخزم یا بۆ دۆستانیانیشیان بوایە بەلام بەشێک لە باری قورسی سەرشانی میلەتەکەتیان سوک دەکردەوە

بەلام وادیارە مەلاعومەریشمان لە پاشماوەی ئەوکۆلکەمەلایانەیە کە لە سەردەمی شەری براکوژیی گۆربەگۆردا لە مەسیف لە نوێژی هەینی شەکری دەشکاند دەی فەرمو هەمو جەلالیەکان بێ تەلاقن چونکە ئەوان بروایان بە تەلاق نیە!.. یاخود ئەو مەلایەی کە دیسان لە خوتبەی هەینی دا ئامۆژگاریی خەلکی دەکرد بە وەی دەیگوت دەبێ خێرو خێرات بکەن زەکات لە مالەکانتان دەربکە بدەن بەوکەسانەی کە خزمەتی دین دەکەن (مەبەستی مەلاکان بو) بەتایبەتیش ئەوانەی کە دەست کورتن.. دەیوت من لەبەرخۆم نیە کە ئێستا 80000 هەشتا هەزار دینار قەرزارم (دیارە ئەوکات بەپارەی چاپی ئەسلی بوە. ) یا خود لە چەشنی مەلا عبدلخالقی خەون بینیو کە گوایە خۆشەویستی لەخەو بینیوە وبەرەو هەولێر دێت، نازانن بە چ تەلەکەبازیەک خەلک فریو دەن تا لە پەنایانەوە ببنە مشەخۆر. ئا ئەمانەن ئەوانەی لەم سەردەمە ناویان لەخۆناوە مەلا و ناوی مەلاو مامۆستا ئاینیەکانیان لەکەدار کردوە، ئەرکی سەر شانی مامۆستاو دەزگا ئاینی وکۆمەلایەتیەکانە بەر لە کەسە رۆشەنبیرەکان کە ئەم جۆرە کەسانە دەمکوت و رسوا بکەن، ئەمە کارەسات وئەنفلۆوەنزایە توشی میلەتەکەمان بوە (لەگەل ریزم بۆ مامۆستا ئاینی یە راستەقینەکان ئەوانەی ریز لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگرن)

دلنیام لە وەی مەلا بەم وتانەی دەیەوێ رابردوی خۆی لە خەلک ون کات هەلچون و حوکمەکانی مەلا رەفیق حزبیەکانی سەددامامان وەبیر دەهێنێتەوە، ئەمرۆ گرفتی کورد لە بەدینداری دا نیە کورد هیچ کاتێک کێشەی لەگەل خواپەرستیدا نەبوە کورد لە ناو میلەتاندا بە میلەتێکی دیندار ناسراوە، کورد لەپێناو کەلتوری ئیسلامی دەسبەرداری کەلتوری نەتەوایەتیی خۆی بوە کە ئەمە لای هیچ میللەتێک روی نەداوە و نەبوە هەمو، کێشەکانی کورد و ناوچەکوردنشینیەکان و تەنانەت دراوسێکانیش لە چەوساندنەوەی کورددا بنەمایان گرتوە، هەر بوۆیە دەبێ هەمو هەلسەنگاندن وحوکمدانێکیشمان لە سەر بنەما ی خزمەت کردن بەم دۆزەوە بێ، بەدەر لەم پێوەرە ناخرێتە هیچ خانەو بۆچونێکەوە.

ئەگەر مەلا عومەر دەرەوەشی نەدیبێ و هەوالی لەدەرەوە پێنەگەیشتبێ کە ئاوەها هێرش دەباتە سەر کوردانی دەروە من پێی رادەگەیەنم کە لە ئەوروپا وبەتایبەت لە ئەلمانیا وهۆلەنداو سوێد وبەلجیکاو فەرەنسا... هیچ شارێکی مەزن لە ئاستی قەزا یا پارێزگا دا نیە کە لە 2 مزگەوت تا دەگاتە 15 مزگەوتی لێ نەبێ سەرەرای چەندین ئامۆژگا و دانیشگەی تایبەت بە خوێندنی ئاینی ئیسلام لەوانە.. (الكليه الاوروپيه للدراسات الاسلاميه. سەربە المعهد الاورپى للعلوم الانسانيه لە فرنسا. وە جامعه اوروپا الاسلاميه لە رۆتردام لە هۆلەندا.. و چەندین رێکخراو و یانە و سەنتەری ئیسلامی وچەندین دەزگای خەمخۆری تر، کە کوردیش لەناویان وەکو کەسی چالاک دیارە) .

دواتر هەمومان دەزانین دەبا مەلا عومەریش ئەو راستیە باش بزانی کە رۆژگار گۆراوە بۆ گەیشتن بە رۆژێکی بەختەوەر وئازاد دەبێ بەپێی رۆژ مامەلە لەگەل دەورو بەر بکەیت ئەمرۆ کلیلی چارەسەریی کێشەی کورد ئەوەندەی بەدەست گۆران و هۆکارەکانی ناوەوەن ئەوەندەش لەژێر کاریگەریی دەرەوەدایە کەواتە کورد ناتوانێ یەکلایەنە خەبات بۆ دۆزەرەواکەی بکات ئەگەر تێک هەلکێشی وهەمئاهەنگیەک لە نیوان کوردانی دەرەوەو ناوەوە نەبێ بانگەوازەکەی مەلا ئەگەر بەهانایەوەبێن بەشێک لە هەولەکانی میلەتەکەمان ئفلیج دەکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە کۆتاییدا وەبیر مەلا عومەردە هێنمەوە کە کوردانی ئەوروپا نەبون یەکێکی وەکو مەلا زاناو خۆکوژەکانی مەلبەند ولق و وەزارەت وبکوژی کوردانی ئێزدی یان پێ گەیاندبێ بەلکو ئەم جۆرە کەسانە لە ئەنجامی پەروەردەو ئامۆژگاریە سەقەتەکانی چەند کەسێکی وەک جەنابتان پێ گەیشتن.

2007-10-15 ...

www. serben. com

khalidherki@chello. nl

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.